سەرۆک کۆمار پێشوازی لە عادل عەبدولمەهدی دەکات



سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، پێشوازیکرد لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیری پێشووی عێراق.

لە میانی دیدارەکەدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 25-4-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، دوایین پێشهاتە سیاسی و ئابووریەکانی وڵات تاوتوێ کران، هەروەها جەختکرایەوە لەسەر گرنگی پاپشتیکردنی لە کارنامەی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ئابووری و خزمەتگوزاریەکان و دابینکردنی پێداویستیی هاووڵاتیان لە سەرتاسەری عێراق.

هەروەها جەختیشکرایەوە لە سەر پێویستی هەوڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتون لە بواری چێسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و درێژدان بە پلان و بەرنامەی کار بۆ پێشکەوتنی ئابووری و باشترکردنی ئاستی ژیان.